لە هەولێر پێشانگای کار و دەستپێکردنی پەرتاڵی هەلی کار کرایەوە

لە شاری هەولێر پێشانگای کار و دەستپێکردنی "پەرتاڵی هەلی کار" کرایەوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە، بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن کۆمپانیا و بازرگان، لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر، بە بەشداری نزیکەی 50 کۆمپانیا، پێشانگای کار و دەستپێکردنی "پەرتاڵی هەلی کار"ی کردەوە.

شایەنی باسە، ڕاگەیاندنی "پەرتاڵی کار" کە ماڵپەڕێکە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتییان چەندان هەلی کار لە کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای ئەزموون و شارەزایی بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت، پرۆسەیەکە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ خاوەنکاران جێبەجێ دەکرێت، تا هەلی کاری خۆیانی تێدا ڕابگەیەنن، هەروەها کارخوازانیش بەپێی بوونی ئەزموون و شارەزایی خۆیان دەتوانن لە رێگەی پەرتاڵەکە کاری دەخوازی خۆیانی تێیدا بدۆزنەوە، لە پێشانگاکەشدا کارخوازان دەتوانن ڕاستەوخۆ سەردانی کۆمپانیاکان بکەن و لەوێدا تیمێک هەژمارێکی تایبەتی بەخۆڕایان بۆ دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بەدوای کار بەخۆیان بگەڕێن.